www.kurdistannet.org
18-3-2003 18:36

# خەڵكی عیراق لەنێوان جەنگی سەدام وبۆشدا

كەمال رەوف

هەموو ڕووداوولێكدانەوە سیاسیەكان، ئاماژەبۆ ئەوەدەكەن، كەڕەنگە لەچەند سەعاتی ئایندەدا، سیماو تارمایی جەنگ لەئاسمانی عێراق ببێتە شتیكی واقیع و بەشێوەیەكی چاوەڕوانكراو ئاگریئەو شەرە هەلگیرسێ، ئەو كاتە هەرچۆن لەگەڵ تەقاندنی یەكەم ڕۆكێتدا زۆربەی ئەوپرسیارانەی كەلەسەرجەنگ هەیە لە زەوی دەدا و بوار نامێنێتەوە بپرسین ئاخۆشەڕ بۆداگیركردنە یابۆرزگاركردن ؟ئاواش لەگەل یەكەم ساتەكانی جەنگدا بوار لەبەردەم بزووتنەوەی شەڕدا هەڵدەگیرێت و گرنگی دروشمەكانی دژی شەڕ لەدەست لایەنگیرانیاندا نامێنێتەوەو ئەهمیەتی خۆیان لەدەستدەدەن، هەروەها چیتر لایەنگران و هەڵگرانی ئەو دروشمە ناتوانن تەنها بەوهەڵوێستە رومانسی و ئەخلاقیەیانەوە داخڵیئەو شەرە بن وشەرەفی پاكیزە بوون وجوانی لایەننەداریێتیان لەو جەنگەدا بپارێزن. فەرەنسیەكان كەتاكو ئێستا خۆیان بەباڵی دژی شەڕ دەناساندو شانازیان بەهەڵوێستی ئاشتیخوازانەو دژی شەڕەوەدەكرد، لەدوایین ساتەكاندا ولەبەردەم ئەمری واقیعی ئەمەریكادا، لەسەر زاری سەرۆك شیراك ئەوە ڕاگەیەنرا كەخوازیاری جەنگێكی كورت خایەن و كەمزیان و سەركەوتن بۆئەمەریكای حەلیفن . . !، تركەكان و روسەكان و زۆرێك لەعەرەبەكانیش ژێربەژێر خەریكی هەمان گەمەی سیاسی پشتی پەردەن و دەیانەوێت خۆیان لەگەڵ ئەو هاوكێشە سیاسیەدا بهێننەوە كە ئەمەریكا ڕازی دەكات، ئەمری واقیعی ئەم جەنگە كەگەلێك حەلیفی تازە و جیگۆڕكی دروست دەكات، لەدیوی ناوەوەی ڕووداوەكانیشەوە ئەو ئاڵوگۆرە هاتۆتە پێشەوە وەك ئەوەی چۆن ئەمەریكاییەكان چاوپۆشیان لەتوندو تیژی و نادیموكراتی بوونی هێزە ئیسلامیەكانی عێراق كردو هێزی بەدریان وەك شەریك قبوڵ كرد، ئاواش ئیسلامیەكان شەریكبونی هیزی كوفرو شەیتانی گەورەیان تێكەڵ بەجیهادكردو چاویان لەو ڕوكنە گرنگەی ئاین نوقاند. . !

ئاشكرایە پاش ڕوودانی ئەو جەنگە، خەڵكی عێراق هێندەی بەخەمی ئەوەوەیە كەلەنەهامەتیەكانی ڕزگاری بێت، هێندە بەخەمی ئەوەوەنییە كەداوەری لەسەر ئەوە بكات بزانی̎ كێ لەبەرەی شەڕو كی لەدژی شەڕە؟چونكە بۆ خەڵك بریاردان ونەدانی شەڕلەلایەن نەتەوەیەكگرتوەكانەوە هیچ جیاوازیەكی نییەو لەماناو ناوەرۆكی ئەوشەرە ناگۆڕێت، كەئەوان نەتوانن هیچ لەموعاناتی ئەو شەڕەكەم بكەنەوە كەسەرێكی هەردووجەنگەكە هەرخەڵكی عیراق بێت، هەندێك لەلایەنەكانی دژی جەنگ دەیانەوێت لەژێرپەردەی ئەو هەڵوێستەیاندا خۆیان لەو بەر پرسیارێتیەمرۆڤدۆستانەیە بدزنەوە كەبەهۆی جەنگەوە زەبر بەر جەستەی بیماری عێراق دەكەوێت، هەمان ئەم هەڵوێستەش بەجۆرێكی تر لەدیوی ناوەوەخۆی دەنوێنێتەوە و بەشێوەیەكی تر لەو لایەنەنانەی دژی جەنگ ئەوهەلوێستە دەبینرێتەوە كەدەیانەوێت مەیدانەكە بۆ هێزە دەرەكی و حیزبە سیاسیەبەشەرهاتوەكان بەجێبهێڵن و ڕووداوەكان دەدەنە دەست قەزاو قەدەر، ئەزمونی بەشداریفراوانی جەماوەریكوردستان لەرا پەڕینی ١٩٩١دا هەرئەو كاركردەی نەبوو كەڕا پەڕینی گەیاندە لوتكە، بەڵكو لە پاڵ ئەوەشدا بەو بەشداریە ئەووەشی بەسەر هێزە سیاسی و حیزبیەكاندا سە پاندكە جەماوەریش مافی دەستنیشانكردن و بریاردانی لەسەر دەسەلأت هەبێت، جائەگەر ئەو ئەزمونە لەكوردستان كەم تەمەن و بەرتەسك بوو ئەوا لەسەر ئاستی عێراق بەشداری جەماوەر لەروخاندنی رژێمی ئێستادا پڕاوپڕ كاریگەری خۆی دەبێت وئەو مافە بۆخەڵك دەگەرێتەوە كەنەهێڵن دەسەلأتێكی سە پاو بەسەر سەریانەوە دانرێت بەتایبەتی لەم ئاڵوگۆڕانەی ئێستادا كە هێزێكی دەرەكی بە سوپا و هێزی خۆیەوە بەشداری لەناو كایە سیاسیەكەدا دەكات. .

Kamalrehuf300@hotmail.com

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣